# کاتژمێرێک بۆ چاودێری پێست

کاتژمێرە زیرەکەکان ئەرکی سەرەکیان چاودێری تەندروستی و جوڵەی بەکارهێنەرەکەیەتی. وەك پێوانی هەنگاو، لێدانی دڵ، زەختی خوێن، چاودێری خەوتن...تاد..

کاتژمێری جۆری Time-C کە لە پێشانگای CESدا لەلایەن کۆمپانیای IEVA خرایە روو، لەوەش زیاتر چووەتە پێش.

ئەم کاتژمێرە هێبریدیە. واتە تێکەڵاوێکە لە کاتژمێری کلاسیك و زیرەك، دیزاینەکەی هەروەك کاتژمێرێکی کلاسیکی دەچێت، بەڵام لەناوەوە ئەو ئەرکانەی کە کاتژمێرێکی زیرەك ئەنجامی دەدا ئەویش ئەنجامی دەدا و ئەرکی زیاتریش ئەنجام دەدا وەك چاودێری پێستی بەکاهێنەرەکەی. دیارە کاتژمێری دیکەش هەیە کە رێژەی تیشکی زیانبەخشی سەرووی وەنەوش نیشان دەدا و لە چۆنییەتی کەش و هەوای نالەبارەی شوێنەکە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام ئەم کاتژمێرە تواناکانی لەوەش زیاترن.

کاتژمێری (تایم سی) لێکدانەوە لەسەر هەوا دەکا و رێژی دی ئوکسیدی کەربۆنی دەرەوە و ژوورەوەی خانوو نیشان دەدا. گەرمی دەوروبەر، رێژەی شێ و رووناکی دەپێوێ. تەنانەت پێت دەڵێت تۆ چەند تیشکی راستەوخۆی خۆرت بەرکەوتووە، ئەگەر رێژەکەی زۆر بوو ئاگادارت دەکاتەوە.

لەبواری شەحنەوە، ئەگەر جارێك شەحنی بکەیەوە تا ٥ رۆژ دەکرێ سوودی لێوەربگری، سێ رەنگی زیوی و زێڕی و مسی هەیە.



## کۆمپیوتەر یا نیتندۆ

نیتندۆ ئامێرێکی بچووکی یاری کردن بوو، بەهۆی بچووکی و هەڵگرتنی ئاسانیەوە ساڵیانێك لە ریزی یەکەمەکانی ئامێرەکانی تایبەت بە یاری دادەنرا.

کۆمپانیای dell جارێکی دیکە ئامێری نیتندۆ بە جۆرێکی دیکە بەرهەمهێناوەتەوە، لە راستیدا کۆمپیوتەرێکی بەرهەمهێناوە کە تایبەتە بەگەیم و شێواز و ستایلەکەی وەك ئامێری نیتندۆ دەچێت.

ئامێری Alienware UFO لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خرایەڕوو. ئامێرێك کە کۆمپیوتەرێکی تەواوە و سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە و بەڵام قەوارەکەی بچووکە.

کۆمپیوتەرەکە پێکهاتووە لە شاشەیەك و ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت و داکێك بۆ پەیوەندی لەگەڵ تەلەڤزیۆن یا مۆنیتۆری دیکە.

شاشەکەی ٨ ئینجەییە و باتری و گشت سەختەئامرازەکانی دیکەی لەسەرە. دوو کۆنترۆڵی لەسەرە کە بەهۆی موگناتیسەوە بە شاشەکە دەبەسترێنەوە و هەروەها دەکرێت، پێکەوەش وەك ریمۆت کۆنترۆڵێك بەکار بێت.

دیارە کۆمپیوتەرەکە دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێکی ئاسایش بۆ مەبەستی دیکە بەکار بێت و ماوس و کیبۆردی بۆ دابندرێت. کێشی کۆمپیوتەرەکە لە کیلۆیەك کەمترە.






# شاشە پورتێبڵەکەی ئاسۆس


کاتێك باس لە کاروباری ئاسایی ڕۆژانە نیازمان هەیە کۆمپیوتەر بەکاربێنین، هەمیشە لەلاپتۆپ یا تەبلێت و مۆبایل سووود وەردەگرین. جار هەیە کارەکانمان بە بە لاپتۆپێك یا مۆبایل پێکنایەت و کۆمپیوتەری مەزنیشمان لەبەردەستدا نییە، ڕێگایەکی دیکە دەبێ بدۆزینەوە.

کۆمپانیای Asus ڕێگا چارەیەکی دیکەی دۆزیوەتەوە، ئەویش بەکارهێنانی شاشەی بچووك کە لە تەنیشت شاشەی لاپتۆپ یا مۆبایل دادەنرێت. یەکێك لەو شاشە بچووکە پورتێبڵانە شاشەی جۆری ZenScreen MB16ACMە.

شاشەکە شەش ئینجە و کوالیتی نیشاندانی fullHDیە. سنووری کارکردنت لەسەر لاپتۆپ بەرفرەتر دەکا. ئەو مانیتۆرە زۆر تەنکە و هەربۆیەش کێشەکی سووکی هەیە و تەنیا ٧٠٠ گرام کێشیەتی. بارستاییەکەی ٨ ملمە.

ئەو شاشەیە جگەلەوەی کێشی بچووکە، دیزاینێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و کاوەرێکی تایبەتی لەگەڵدایە. دەکرێ شاشەکە بە شێوەی ستوونیش سوود لێوەربگری. شاشەی پورتێبڵی ZenScreen MB16ACM دژی تیشکدانەوەیە، هەربۆیە لەو شوێنانەی ڕووناکی زۆریشیان هیەە کێشەی بۆ نایەتە پێش. مۆنیتۆرە بچووکە شەحن دەبێتەوە و کە کارەباش نەبێ کێشەی نییە.





# ڕۆبۆتی خزمەتگوزار

ڕۆبۆتە خزمەتگوزارەکان بەشێکی گرنگ لە پیشەسازی ڕۆبۆت پێك دێنن. لە پێشانگای ساڵانەی CESدا دەیان ڕۆبۆت نمایش کران، یەکێك لەو ڕۆبۆتانە ڕۆبۆتی خزمەتگوزاری misty II بوو.

ڕۆبۆتی ناوبراو بە ڕواڵەت وەك یاری لەیستۆکی منداڵان دەچێ. بەڵام کارکردەکانی گەلێك جیاوازن.

ڕۆبۆتی خزمەتگوزاری ناوبراو تەنیا لە یەك بواردا خزمەت ناکات بەڵکو بەکارهێنەر دەتوانێ خۆی پرۆگرامی بۆ دابنێ و گەلێك ئەرکی دیکەی پێ بسپێرێ. کاروباری تەندروستی بەساڵداچوان و منداڵان ئەرکێکی گرنگە کە ڕۆبۆتەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن. بەتایبەت لە ژاپۆن کە ڕێژەی بە ساڵداچووانی زیاترەلە وڵاتانی دیکە. ڕاستە ئەم ڕۆبۆتە وەك دکتۆر نیە، بەڵام دەتوانێت ئەرکی پەرستیاری ئەنجام بدات. لە بیرهێنانەوەی داودەرمان بە نەخۆشەکان و چاودێرکردنی نەخۆش و بە هاناوەچوونی لەکاتە هەستیارەکاندا.

ڕۆبۆتی misty II مرۆڤەکان دەناسێتەوە و چاکوچۆنیان لەگەڵ دەکا. دەتوانرێ لە سوپەرمارکێتەکانیش کار بکەن و هەروەها لە نووسینگەکاندا وەك سکرتێرە وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە.



# تەبلێتە چەماوەکان گۆڕانکارییەکی نوێ لە تەکنەلۆژی

مۆبایل یا تەبلێت یا کۆمپیوتەری چەماوە واتە ئەوانەی لە مادەیەکی نەرم پێکهاتوون و دەکرێت وەك لاستیك بیان نووشتێیننەوە خەریکە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەونە بازاڕەوە.

لە پێشانگای ساڵانەی CES 2020دا لینۆڤۆ تەبلێتێکی چەماوەی خستەڕوو. کە بە جۆری ThinkPad X1 fold ناسراوە. ئەم تەبلێتە دەنوشێتەوە و کاتێك دەکرێتەوە بەقەد تەبلێتێکی ئاسایی و راست دەکرێت بڵێین وەك لاپتۆپێکی لێدێت.

تەبلێتەکە ١٣ ئینجە و پەراوێزەکانی هەندێك لە لاپتۆپ یا تەبلێتێك بەرینترە. کاتێك دەنوشتێتەوە، هەردوولا لەسەریەك بەهۆی موگناتیسکەوە پێکەوە دەنووسێن، بەڵام هەندێك مەودایان دەبێت. کە ئەویش بۆ کیبۆردەکە داندراوە.

بەهۆی کیبۆردی بلوتوسی جۆری mini fold دەتوانین تەبلێتەکە لێك بکەینەوە و بیکەنە لاپتۆپێك. تەبلێتی ناوبراو لەرێگای شەحنی بێ وایەرەوە بارگاوی دەبێتەوە.

لە بواری سیستەمی بەگەڕخەڕەوە سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە.

ئەگەر بەشێوەی ئاسۆیی بەدەستەیەوە بگرین دەبێتە دوو شاشەی لێکجیا بەڵام ئەگەر بەشێوەی ستونی رایبگرین، بەشی سێیەمیش بۆ کیبۆرد لەسەر شاشەکە دەردەکەوێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت ماوەیەکە مۆبایلەکەم شەحن درەنگ وەردەگرێت هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز، گەلێك هۆکار هەن بۆ درەنگ پڕبوونەوەی باتری. وەك خراپ و تێکچوونی کێبڵی شەحن، زۆرجاران کێبڵەکان بەهۆی زۆر بەکارهێنانیان لەناوەوە تێك دەچن، بەکارهێنەر هەست پێناکا. هەروەها بەکارنەهێنانی ئەداپتۆر (سەری کێبڵ)ی باش، هەموو ئەداپتۆرەکان لەسەریان نووسراوە هێزی وەرگرتنی وزەیان چەندە. خاڵێکی دیکەش، ئەوەیە بە پاوەربانك یا بە کۆمپیوتەر یا بە ئامێرێکی دیکە شەحن بکرێتەوە، تەنانەت کارەبای مولیدە و کارەبای نیشتمانیش جیاوازیان هەیە.. ئەگەر زۆر مۆبایلیش بەکار بێنی و رۆژانە چەندین جار شەحن بکرێتەوە ئەوەش هۆکاری زوو درەنگ پڕبوونەوەی باترییە. باتری کۆنیش وەك باترییەکی نوێ زوو پڕ نابێتەوە و شەحن وەرناگرێ.. ئەمانە و هۆکاری دیکەش دەبنە هۆی ئەوەی مۆبایل درنگ پڕبێتەوە

# کۆمپیوتەرێکی یەکپارچ

لە جیهانی دیجیتالیدا پاراستنی داتا و دوکۆمیومێنتەکان زۆر ئاسانە و لەگەڵ ئەوەشدا دەست راگەیشتن بەو داتایانەش بۆ ئەوانەی شارەزای ئەو بوارەن زۆر ئاسانە.. بۆیە هەوڵ دەدرێ چەندین پرۆگرام و شێواز و سەختەئامراز و نەرمەئامراز بەرهەم بێت بۆ پاراستنی داتاکان.. کۆمپیوتەری یەکپارچە واتە (All-in-One))ی لینۆڤۆش یەکێکە لەوانە.

لینۆڤۆ لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بەناوی ThinkCentre M90a هێنا کە کاروباری ئیداری و تایبەتی گرنگی خۆی هەیە. کۆمپیوتەری ناوبراو لە پرۆسیسەری نەوەی دەیەمی coreئەنتەل سوود





# هەنگێک بۆ چاودێری ماڵەوە

کۆداکۆپتەری جۆری Bee واتە (مێش هەنگوین) دەکرێت وەك پاسەوان و چاودێری ماڵەوە سەیر بکرێت.

جیاوازی ئەم پاسەوان و چاودێرە لەگەڵ کامێرا زیرەکی چاودێری زۆر جیاوازە، چونکە ئەم چاودێرە لە بەرزاییەوە چاودێری دەکا و ئەگەر کەسانی جێگای گومان رایان کرد بە دوایان دەکەوێ.

هەنگی فڕۆك، یەکەم فڕۆکەی بچووکە کە ئۆتۆماتیکی و بەبێ ئەوەی کەسێك کۆنترۆڵی بکات دەڕوات و کاری چاودێری دەکات. هەنگەکە هەستەوەری جوڵە و لەرزینی هەیە و هەرجۆرە جوڵەیەك لەدەوروبەری خۆی دەخاتە ژێر چاودێری و جوڵەی ئۆتۆمبیل و مرۆڤ و گیانلەبەر لێکجیا دەکاتەوە.

هەنگەکە بەردەوام ئەو دیمەنانەی دەیانگرێ بۆ بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکا، ئەوکاتەی کە پێویستی بە پشوو بێ و وزەی نەمێنێ دەچێتەوە ناو کەنوەکەی خۆی.





## بۆ زانیاری لەبارەی مۆبایل سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەن

لە جیهانی ئینتەرنێتدا ماڵپەڕگەلێکی زۆر هەیە تایبەتن بە زانیاری بەخشین لەبارەی مۆبایلەوە. یەکێك لەو ماڵپەڕە سەرکەوتووانە ماڵپەڕی GSMArena.Com یە. لەو ماڵپەڕەدا ئەوەی زانیاری هەبێ لەبارەی مۆبایلەوە تێیدایە، وەك هەواڵ، تایبەتمەندییەکانی مۆبایل. بەراوردکردنی دوو مۆبایل پێکەوە، بۆ نموونە بزانی مۆبایلی مارکەیەکی جیهانی لەگەڵ مارکەیەکی دیکە چ جیاوازییەکی هەیە. هەروەها ئەگەر بتهەوێ تایبەتمەندییەکی مۆبایلێك بەرلەوەی بیکڕی بیزانی و بۆ ئەوەی دواتر تووشی پەشیمانی نەیت بە وردی تێیدایە. ماڵپەڕەکە بە زمانی ئینگلیزیە.

# پرۆگرامێک بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی فێرکاری

بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری و خستنە سەر DVD و فلاش میمۆری سەدان پرۆگرام هەن. یەکێك لەو پرۆگرامانەی کە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم قەوارەیەکی زۆر لە کۆمپیوتەردا ناگرێ. پرۆگرامی oCam Screen Recorderە. ئەم پرۆگرامە وێنە و فیلم لە دیسکتۆپ هەڵدەگرێتەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- پرۆگرامێکی سادە و بەکارهێنانی ئاسان.
- فیلم هەڵگرتنەوە لە ویندۆز و پرۆگرام و یارییەکان.
- توانای تۆمارکردنی وێنە لەکاتی فیلم هەڵگرتنەوە




# ــەو ئەمنییەتیەکی زۆر

وەردەگرێ. شاشەکەی ٢٣/٨ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی فول HDیە. لە سیستەمی دەنگی داڵبی ئەتموس (dolby atoms) سوود وەردەگرێ.

گرنگترین خاڵی جێگای سەرنجی کۆمپیوتەرەکە سیستەمی privacyGuardە. بەهۆی ئەوەوە هەرکاتێك بەکارهێنەر رووی خۆی لە شاشەکە وەرگێڕا و یان بۆ وچانێك کۆمپیوتەرەکەی بەجێهێشت، شاشەکە تاریك دەبێ بۆ ئەوەی کەسانی دیکە نەتوانن بەبێ ئیزنی بەکارهێنەر سەیری شاشەکە بکەن. شاشەکە کامێرای سەرووی سووری لەسەرە و بەهۆی ئەو کاتە شاشەکە دەکرێتەوە کە بەکارهێنەری راستەقینەی خۆی لە بەرامبەری دابنیشێ.